# تێڕامانێك لە بزووتنەوەی كۆمۆنیستی و گرفتەكانی

## بەشی حەوتەم

**بژار**

bizharpoet@yahoo.com

**ئێستا ئیتر ڕۆشنە كە ئەم حزبانەی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی لە جیاتی ئەوەی ئامڕازی بردنە پێشەوەی خەباتی كرێكاران بن , ئامڕازی بردنە دواوەی خەباتیانن . ئەمانە دەیان ساڵە ئەو ڕێگرانەن كە نایەڵن ئەم بزووتنەوە كرێكارییانە لە هیچ وڵاتێكدا بە ئامانجی شۆڕشگێڕانەی خۆیان بگەن . ئەمانە ئەو ئامڕازانەن , بێ ئەوەی بۆرژوا بە كرێی گرتبن , یان خۆیان بە بۆرژوا فرۆشتبێت , یان بێ ئەوەی لە لایەن خۆیانەوە نكوولییان لە خەباتی سۆشیالیستانە كردبێت ,, بە تێكۆشانێكی درێژ خایەنەوە , بە شەو نخوونی و ماندوو بوون و ئازار كێشانێكی بێ وێنەوە , بە زیندانی و ئەشكەنجە و قوربانی دانێكی زۆرەوە ,, بە ئارەزووی خۆیان و بە پێچەوانەی ویستی چینایەتییانەی كرێكارانەوە , زۆربەی جاریش , بە دڵنیا بوونیانەوە , بە داڕشتنی نەخشە و پلانی شۆڕشگێڕانەوە , دوور لە هۆشیاری ڕاستەوخۆی خۆیانەوە ,, بە قازانجی بۆرژوا , بە قازانجی مانەوەی سەرمایەداری , بە قازانجی هێشتنەوە و هەندێك جاریش توند كردنەوەی زنجیرەكانی دەست و پێی چەوساوەكان , چوونەتە پڕۆسە خەباتی چینایەتییەوە . ئەم حزبانەی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی , كەم و زۆر , بە پێی هێزی چوونە پێشەوەیان لە سەر ئاستی كۆمەڵگا , ڕابەرانی سۆشیالیستییان لە خەباتی چینی كرێكار دابڕیوە . شۆڕشگێڕێتییان لە كۆمەڵگادا پاوان ( قۆرغ ) كردووە بۆ خۆیان , بە پێی ڕادەی نزیك بوونەوە و كار كردن تیایاندا لە قاڵبیان داوە . هەوڵیان داوە خەباتە چینایەتییەكان بە شێوەیەكی بەرفراوان بگۆڕن بۆ خەباتێكی حزبیی . ڕووبەڕوو بوونەوەی دوو چینی زەبەلاح ( كرێكار و بۆرژوا )یان لە لایەن خۆیانەوە هێناوەتە سەر ئاستی ڕووبەڕوو بوونەوەی چینێكی زەبەلاح ( بۆرژوا ) و تەشكیلاتێكی بچوك ( ئا لێرەدایە كە ئەركی سەر شانی ئەندامانیان دەیان جار سەنگین كردووە ) . ڕابەرایەتییەكانیان , سیاسەتی دەستەمۆ كردنی ئەندامانیان لە ناو تەشكیلاتەكاندا گرتووەتە بەر . ئازادییەكان و مافە مەدەنییەكانی ئەندامانیان بە ڕادەیەكی زۆر وەلا ناوە . بیرۆكراتیەتیان بە ئاشكرا لە بەرانبەر ڕیزەكانی خوارەوەدا پیادە كردووە . لە جیاتی یەكگرتن , پەرش و بڵاوی و جیاوازییان لە ڕیزەكانی تەشكیلاتەكاندا گەشە پێ سەندووە . یانی ئەم حزبانەی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی , كە لە بناغەدا ڕابەرایەتییەكانیان لێیان بەر پرسیارن , لە جیاتی خەباتی چینایەتییانە بۆ شۆڕشی كۆمەڵایەتی چینی كرێكار و دامەزراندنی سۆشیالیزم , خەباتی ناساندنی ڕابەران بە كۆمەڵگا و كۆنترۆڵ كردنی شۆڕشی كرێكاری و بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سبەینێی حوكومەتی كرێكارییان كردووە . ئەمان لە ڕوانگەی پاوان كردنی دەسەڵاتەوە , ڕۆشنبیرانە و بە پێی بەرنامەیەكی داڕێژراو , خەباتی چینایەتییان كردووە . وە خۆ نزیك كردنەوەیان لە چینی كرێكار لێرەوە بووە , بۆیە دوور كەوتنەوە و دابڕان تا ئێستا بەرئەنجامی بووە . ئەم حزبانەی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی , نەهاتوون بە تێكەڵاو بوون بە چینی كرێكارەوە و بە وانە فێر بوون لە خەباتی چینایەتی ڕۆژانەی ئەوانەوە و بە تێڕامان لە مێژووی جیهانیی تێكشكان و سەركەوتنەكانیانەوە ,, ستراتیجیەتی خەباتی چینی كرێكار و تاكتیكە شوێن كەوتووەكانی ئەو ستراتیجە دەر بهێنن . ئەمان لە جیاتی ئەوەی لە جەرگەی ململانێ**

چینایەتییەکانەوە و بە بەکار هێنانی زانستی مارکسیزمەوە , بچنە پای نەخشەوپلان دارشتنی بردنە پێشەوەی خەباتەوە , دێن بە کۆبوونەوە یەك لە دوا یەکەکانەوە , کە زیاتر لە پیشاندانی هێزی بیر کردنەوەکان دەچن بۆ پیاهەڵدان و ڕایی کردنی دڵی یەکتری , دەچنە پرۆسەی بڕیارەکانەوە .
ئەم حزبانە نەك هەر نەیانتوانیوە ئاوڕی پەیگیر لە کۆمۆنیستە پەرش و بلاوە بی تەشکیلاتەکان بدەنەوە , بەڵکو چەندین تۆمەتی وەك سیاسەت نەکردن و پەی نەبردن بە کێشمەکێشە چینایەتییەکان و خەبات گێڕی زارەکی ( هەر بە دەم ) و بێ توانایی لە کاری تەشکیلاتی و دەسەوسان و ڕەش بیین و خودگەرایەتی ( زاتیەت ) و هتد یان خستوونەتە پاڵ
ئەم حزبانە لە بەرانبەر یەکتریشدا جگە لە پیادە کردنی سیکتاریزمێکی بەربلاو لە لایەن هەموو یەکێکیانەوە , هەمیشەش هەموو یەکێکیان سەروپۆتەلاَکی ئەوانی تری داگرتووەتەوە . ئەوەندەی خەریکی خۆهەڵنانی خۆیان و شکاندنی ئەوانی تر بوون , ئەوەندە خەباتی چینایەتییان نەکردووە . لە جیاتی کاری یەکگرتووانەی ڕوو بە کۆمەڵ , خەریکی لێدانی یەکتری ڕوو بە کۆمەڵ بوون . هەر یەکەیان ویستویەتی مەیدانی خەباتی چینایەتی بۆ خۆی تاپۆ بکات و ئەوانی تریشی لێ بێ بەری بکات .
ئەم حزبانەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە ناو تەشکیلاتەکانی خۆشیاندا , بە بەردەوامی سەرکوتی ئەندامانیان کردووە . بە ناوی نەشکاندنی دیسپلینی حزبییەوە , جێبەجێ کردنی ئەرکە حزبییەکانەوە , هەستان بە پیادە کردنی دەست بەجێی بڕیارەکانی ڕابەرایەتییەکەوە کە خۆیان بە هەڵبژاردنیان شەرعیەتیان پێداوە , دڵسۆزی بۆ حزب و چینی کرێکار , خەبات بۆ هەڵپێچانی چەوساندنەوەی چینایەتی , پاراستنی ئەم ئومێدەی چینی کرێکار و هتد ,, ئەندامانیان لە ژێر باری قورسی چەوساندنەوەدا ڕاگرتووە .
هەر ئەندامێکیش بڕوای بەم شێوە خەباتە نەمابێت , یان لەبەر هەر هۆیەکی تر بێت , هاتبێتە دەرەوە ,, لە جیاتی ئەوەی بە ڕێزەوە ماڵ ئاوایی لێ بکەن و ستایشی کار و خەباتی ئەو ماوەیەی بکەن کە لەگەڵیاندا بووە ,, دێن بە لالووتییەکەوە وازمامە ( ئیستیقالە ) مکەی لێ وەردەگرن و بە شێوەیەکی گشتی برادەرایەتی و ناسیاوی لەگەڵ دادەبڕن و بە بڕوا نەمانی بە کۆمۆنیزم و ڕووخان و بێ بایەخ کردنی چالاکییەکانی پێشووی , دەکەونە باس کردن و لێ خوێندنی لە ناو خۆیاندا .
هەبوونی ئەم هەلومەرجە لە ناو ئەم حزبانەدا , پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ هەر یەکێك لە ڕابەرایەتییەکان , دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی هەر یەکێك لە حزبەکان و سیستمی زنجیرە مەراتیب و دیسپلینی پۆلایین ( دیسپلینی حزبییانەی بەرتەسك ) و داخرانی بە سەر خۆیدا . ڕابەرایەتییەکانیش کە هەم گیرۆدەی ئەو بارودۆخەن و هەم پارێزەر و ڕاگریشنی , مەڵبەندی سەرەکی بیرۆکراتیەت و ئامرازی سەرەکی دابڕانی حزبن لە چینی کرێکار . ئەوەی کە لای ڕابەرایەتییەکانی ئەم حزبانە گرنگە , کۆنترۆڵ کردنی زۆرەکییانە ( زۆرە ملێیانە ) ی ڕیزەکانی تەشکیلاتە . ناساندنی ڕابەرەکانە بۆ دەستگیر بوون لە ناوانگی کۆمەلاًیەتی . بەهێز بوونی حزبە بە پێی بەرنامەی دەستەمۆ کردنی ئەندامان . هەوڵدانە لە دووتوێی ئەو خالاًنەوە بۆ گەیشتن بە دەسەلاًت و بەرژەوەندی مادیی . قێزەوون ترین کاری ڕابەرایەتییەکان و بەکەڵك ترینیشیان بۆ مانەوەی خۆیان , هێنانەوە یەکی بواری ئازادییەکان و مافە مەدەنییەکانە لە ئەندامان .
لابردنی ئەم ڕابەرایەتییانە لە ناو ئەم حزبانەدا و بەم شێوە بیرۆکراتییەتەیانەوە , پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە . باشترین ئامراز بۆ لابردنیان شۆڕشی ئەندامانە . هەرچەندە شۆڕشی ئەندامان لە ناو ئەم حزبانەدا سەختە , بەلاًم محاڵیش نییە . مەسەلەکە ئاوا نابڕێتەوە , کە یان دەبێت شۆڕشی ئەندامان بێت یان هیچ .زۆر ڕێگەی تر هەیە کە دەتوانرێت وەکو پێشمەرجێکی خۆبەخۆی شۆڕشی ئەندامان بگیرێتە بەر . لەوانە : بەرز کردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتی , چ بە تاك و چ بە کۆمەڵ , لە بەرانبەر سەرکوت و چەوساندنەوەی ڕوو لە زیادیانا . گوێ نەدان بە جێبەجێ کردنی فەرمانە حزبییەکان . نزیك بوونەوە لە یەکتری و گفتوگۆ کردن لە سەر قەبوڵ نەکردنی ئەو سوکایەتییانەی پێیان دەکرێت . خۆ

پڕچەك كردن بە ماركسیزم . پەیوەندی پەیدا كردن لەگەڵ كۆمۆنیستە پەرەوازەكان و ڕابەرە سۆشیالیستەكانی ناو چینی كرێكاردا و گۆڕینەوەی ڕاوبۆچوون لەمەڕ چۆنیەتی دروست بوونی حزبی شۆڕشگێڕانەی چینی كرێكارەوە . بڵاو كردنەوەی ڕاوبۆچوونیان دەربارەی سیاسەت و حزب و چینی كرێكار و شۆڕش و سۆشیالیزم , لە سایتەكان و ڕۆژنامەكانی تری كۆمەڵگادا . ڕازی نەبوون بە هیچ جۆرە قەیدوبەندێكی تازە كە لە لایەن ڕابەرایەتییەوە هەوڵی سەپاندنی بدرێت و تێكۆشانیش بە هەر شێوەیەك بۆیان بلوێ بۆ وەلا نانی قەیدوبەندە كۆنەكانیش . بەیاننامە دەركردن لەگەڵ هەر كۆمۆنیست و گرووپ و حزبێكدا و لە سەر هەر بابەتێكی كۆمەلایەتی و سیاسی بێت , وە گوێ پێنەدان و نەناسینی هیچ فەرمانێكی ڕابەرایەتی لەو بارەیەوە . سڵ نەكردنەوە لە ڕەخنە گرتنی هەموو ڕۆژە لە ڕابەرایەتی , لە سەر هەر بابەتێك كە بە پێویست دەزانرێت وە لە لایەن هەر كەسێكەوە بێت . فشار خستنە سەر ڕابەرایەتی بۆ ناساندنی ئازادییەكان و مافە مەدەنییەكانی ئەندامان بە فەرمی . بەتاڵ كردنەوەی هەموو بڕیارێكی ڕابەرایەتی كە بە بێ پرسی ئەندامان دەیدات . تێكۆشانی یەكگرتووانە بۆ لابردنی ئەو كەسانەی كە شیاوی ڕابەرایەتی نین . ڕەخنە گرتنی ئاشكرا لە گرووپ چێتی لە ناو ڕابەرایەتیدا . ڕێ گرتن بە هەر شێوەیەك بێت لە گرووپی دەست ڕۆیشتوو لە ناو ڕابەرایەتیدا بۆ بەرز كردنەوە و دامەزراندنی ئەندام و كادری سەر بە خەتی خۆی , لە شوێنە هەستیارەكانی حزبدا . ڕێگە نەدان بە هیچ جۆرە چاودێری كردنێكی ئەندامان و ڕەخنە گرتنی توندوتیژ و ئاشكرا لەو كەسانەی بە چاودێری كردن و ڕاپۆرت نووسین هەڵدەستن لە سەر ئەندامان .

ئەمانە و زۆری تریش هەن كە دەكرێت خەباتیان لە پێناودا بكرێت . ئەم هەولانە بۆ خۆیان , هەم دەرگایەك بە ڕووی ژیانی سیاسییاندا دەكاتەوە و هەم لە شۆڕشی ناو حزبیش نزیكیان دەخاتەوە . سەرباری ئەوانەی باسم كرد , ئەگەر هەر ئەندامێك بزانێت , ڕێگرییەكان لە بەردەمیدا زۆرن و توانا و ئارام گرتنی خۆیشی سنووردارە و قورسایی ئەو هەلومەرجە لە سەری تاقەت پڕووكێنە و ڕۆژانە تووشی ئازار دانێكی دەروونی هێجگار زۆر دەبێت , ئەوا واز هێنان لە حزبەكەی و هاتنە دەرەوە و پەرەدان بە خەباتی سیاسی خۆی بە پەیوەند بە كۆمۆنیستە پەرەوازەكان و ڕابەرە سۆشیالیستەكانی ناو چینی كرێكار و ئەندامانی ناو حزبەكانی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی , گەلێك باشترە و گرتنە بەری ڕێگەیەكی سەركەوتووانەترە بۆ خەباتە چینایەتییەكەی .وە ئەگەر لەو هەلومەرجەدا وازهێنانی بە كۆمەڵ لەو حزبانەدا ببێت بە دیاردەی سەر گۆڕەپانی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی , ئەوا نزیك بوونەوە لە دروست بوون و دامەزراندنی حزبی بەرینی چینی كرێكار لە سەر بناغەی مەركەزیەتی خوارەوە , دەبێت بە دەستكەوتێكی گەورەی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی و هەموو بزووتنەوەی چینی كرێكار و هۆی سەرەكی بۆ ڕادیكالیزە كردنەوەی كۆمەڵگا و بردنە پێشەوەی . ئەم حزبانەی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی ڕێگایان لە هاتنە دەرەوە و گەشە سەندنی ڕێكخراوە جەماوەرییەكانیش گرتووە . لەگەڵ دەركەوتنی ئەو ڕێكخراوانەدا , خێرا هەوڵ دەدەن بە بۆیەی حزبایەتی كردنی خۆیان , بۆیەیان بكەن . هەموو شێوازێك لە نێوانیاندا دەگرنە بەر بۆ ڕاكێشانیان بە لای حزبدا . كۆ لە هیچ سەركوت و نا ئارامی و ئاژاوە گێڕی و شەڕ كردن و سووكایەتی كردنێك ناكەنەوە لەو پێناوەدا . گرنگ بۆیان هاتنە دی ئامانجەكەیانە كە ئەویش تەنیا ڕاكێشانی زۆرەملێی ئەو ڕێكخراوانەیە بۆ ژێر سایەی حزبە بە ناو كۆمۆنیستەكەیان . كە بەو ئاواتە دەگەن و ڕێكخراوەكە بە لای خۆیاندا ساغ دەكەنەوە , ئیتر ئەویش ( ڕێكخراوەكە ) بۆ خۆی وردە وردە لە ناوەوە گەندەڵی لێی دەدات و كاتێك دەزانن , تەنیا وەكو قاپلۆغ ماوەتەوە . خۆ ئەگەر خۆشیان ( حزبەكان ) هەوڵی دروست كردنی ئەو ڕێكخراوانە بدەن , قەت ئەوە لە خۆیان ڕانابینن كە لە ئەنجامی خەباتێكی درێژ خایەن و بە شێوەی دەربەست بوون بە وتووێژی ئازادانە و لە سەر بناغەی بردنە پێشەوەی ئامانجەكانی ئەو ڕێكخراوە , كاری پەیگیر بكەن لە پێناویدا , بەڵكو بە پەلە و بە ئامادەیی دێن , بەیاننامەیەك خێرا دەر دەكەن و ڕای دەگەیەنن كە

ئەم ڕێکخراوە لەمڕۆوە ئیتر دەست بە کار دەبێت . ئەوانەشی کە ئیمزایان کردووە چەند کەسێکن لە ئەندامانی حزبەکەی خۆیان کە لە پەنجەی دەست تێپەڕ نابن .

لە سەر ئاستی مانگرتن و خۆپیشاندانیشەوە هەر وا کار دەکەن . تەنیا لە کاتی ڕوودانی مانگرتن و خۆپیشاندانەکاندا , بە پەلە چەند کەسێکیان دەنێرن بۆ ووتنی هەندێ قسەی دوو ڕووانە و پیاهەڵدانی بێ مانای حزبەکانیان و هەوڵدان بۆ بە لاڕێدا بردنی ئەو مانگرتنە یان خۆپیشاندانە و کردنیان بە مەیدانی پڕوپاگەندەی حزبی و ناساندنی ڕابەرە حزبییە پەراوێز کەوتووەکانیان . ئەم حزبانە بۆ خۆیان نە مانگرتن ڕێك دەخەن و نە خۆپیشاندان , ئەوەی کە کاری ئەوانە بە ئامراز کردنی ئەو مانگرتن و خۆپیشاندانانەیە بۆ کاری حزبی و ناساندنی ڕابەرە حزبییەکانە بە کۆمەڵگا . ئەگەر تەنانەت خۆشیان مانگرتنێك یان خۆپیشاندانێك ڕێك بخەن , نە بۆ ڕزگار بوونی خەڵکە و نە بۆ بردنە پێشەوەی خەباتی چینی کرێکارە بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە . ئەوەی کە دەیکەن تەنیا بۆ مەرامە حزبییەکانە , کە لە سەرووی هەموویانەوە سەپاندنی ڕابەرەکانیانە بە سەر خەڵکدا . جگە لەم ئاژاوە گێڕییانەی کە بە ناوی کۆمۆنیزمەوە بە خەرجی دەدەن لە هەموو ئەو خەباتە جەماوەرییانەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و لە مانگرتنەکان و خۆپیشاندانەکاندا , بە دەست تێوەردانە حزبییەکانیان و کارە نا شۆڕشگێڕ و نا ئوسولییەکانیان تیایاندا , هەمیشە بیانویان داوەتە دەست هێزە سەرکوت گەرەکانی بۆرژوا کە بێبەزەییانە ئەو هەڵسان و ڕاپەڕین و کارە جەماوەرییانە تێك بشکێنن . ئەم حزبانەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی , زیانیان زیاترە لە قازانجیان بۆیە دەبێت بە ڕاماڵینیان و دامەزراندنی حزبی ڕاستەقینەی چینی کرێکار لە جێگەیاندا , دوایی بەم سیناریۆیە بهێنرێت . ئەمانە چەند قازانجیان هەیە لە وەستانەوەیان لە بەرانبەر دەسەڵاتی ڕەشی بۆرژوادا , زۆر لەوە زیاتر زیانیان هەیە لە ڕێ گرتن لە چوونە پێشەوەی خەباتی کۆمۆنیستی و خەباتی شۆڕشگێڕانەی ناو چینی کرێکار و ڕۆیشتن بۆ گەیشتن بە شۆڕشی کرێکاری و حوکومەت و سۆشیالیزمی .

**درێژەی هەیە**

2005-05-13 **بژار**